# دانیشتوانی شاری کەرکوك و سیاسەتی چەتەکانی شەڕی قەومی




**عرفان كريم**

Arfan96@yahoo.de


ئاشکرایە کە لە ئەنجامی حاکمیەتی دیکتاتۆری رژێمی بەعسەوە چەندین کێشەی سیاسی وکۆمەلایەتی جۆراو جۆر لە کۆمەڵگای عێراق وکوردستاندا دروست بوون و هاتونەتە کایەوە , دوا بەدوای رووخانی ئەم رژێمە کێشەکان هێشتا ماونەتەوە وپێویستیان بە رێگا چارەیەکی واقعی و ئینسانی هەیە لەپێناو بنەبرکردنی ئاسەوار وپاشماوەی سیاسەتەکانی ئەم رژێمە ناسیونالیستی یە لەکۆمەڵگادا وە بۆ بەرگرتن بەهەر هەوڵێکی تری لایەنە کۆنەپەرستانەکان بۆ رەچاوکردن و دووبارە زیندوو کردنەوەی ئەم جۆرە لە دەسەلات و رەوتەدژە ئینسانی یە کە دەیان کارەساتی لە کۆمەڵگادا خولقاند , یەکێك لەو کێشە سیاسی و کۆمەلایەتی یانەی کە ئەمرۆ بەشێوەیەکی بەرچاو لە نێو رووداوە سیاسی یەکانی عێراقدا خەریکە دەکرێتە مەیدانێك بۆ شەری یەکلاکردنەوەی دەسەلاتی حکومەتی لە عێراق وکوردستاندا کە لە نێوان تاقمە ناسیونالیست وئیسلامی یەکاندا بەرێوە دەچێ کێشەی شاری کەرکوك وهەوییەتی ئەم شارەیە .

شاری کەرکوك کە دانیشتوانەکەی بە چەند زمانی جۆراو جۆر قسەدەکەن وپێکەوە دەژین , هیچ کاتێك پێوانە قەومی و دینی یەکان نەی توانیوە ببێتە کۆسپێك لەبەردەم تێکەلاوبوون و پێکەوە ژیانی دانیشتوانەکەی هیچ کاتێك (کورد ,عەرەب, تورکمان , ئاسوری ) بوون نەبۆتە هەویەتێك بۆ دانیشتوانی شارەکەو نەیتوانی ببێتە سنورێك بۆ بەرگرتن بەپەیوەندی یە کۆمەلایەتی یەکان لەنێوانیاندا, بەڵکو لەبەرچاونەگرتنی پێناسە قەومی یەکان و بێ ئیعتبارکردنیان بۆتە نمونەیەکی بەرجەستە بۆ پێکەوە ژیانێکی مۆدێرن و ئینسانی , سەرەرای سیاسەتی رەگەزپەرستی رژێمی بەعس بە تەعریب کردن و تەرحیل کردنی کۆمەڵێك لە دانیشتوانی ئەم شارە و سەرەرای هەوڵەکانی ئەم رژێمە بۆ تیژکردنەوەو گردانی نەعرەت و کینەی نەتەوەپەرستی لە نێو خەڵکی ئەم شارەدا هیچ کاتێك خەڵکەکەی تەسلیم بە سیاسەتەکانی ئەم رژێمە نەبوون و نەچونەتە ژێر باری ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەوە ومليان نەداوە بەم رەفتارە دژە ئینسانی یەی رژێمی بەعس . دوابەدوای روخانی ئەم رژێمە , دەسەلاتی سەربازی ئەمریکا لە عێراقدا دەستەیەك لە تاقمی ناسیونالیست وئیسلامی کرد بە حکومەت و لە ژێر سایەی خۆی دا وەکو نوێنەرانی رەسمی خەڵکی عێراق دەیان ناسێنێ و کۆمەکیان دەکات , پەیامی ئەم هێزە کۆنەپەرستانە بۆ خەڵکی عێراق لەرۆژی روخانی بەعسەوە تاوەکو ئێستا پەیامی شەر و ململانێ ی قەومی وتایەفی و دروستکردنەوەی کۆنەپەرسترین ناکۆکی و دوبەرەکی لە نێوان رێزەکانی خەڵکی لە عێراق وکوردستاندا بووە , ئەم حزب ولایەنە ناسیونالیست و ئیسلامیانە ئێستا لەنێو شاری کەرکوك دا وەك باقی شارەکانی تری عێراق دەیانەوێ ژیان وگوزەرانی دانیشتوان بەسەر یەکدا بشێوێنن و بیروباور و سیاسەتی دارزیوی ناسیونالیستی ( کورد و تورکمان و عەرەبی ) بە نێو خەڵکی دا برەو پێبدەن و رەشترین وگەندەڵترین سیستەمی ئەفکاری قەومی و رەگەزپەرستی بە سەر خەڵکی دا بسەپێنن, ئەم دەستە وتاقمانە کە پێکهاتەکەی بریتی یە لە میلشیا عەشایەریەکەی تاڵەبانی وبارزانی و شەبەکاتی میتی تورکیا کە بەناوی خەڵکی تورکمانەوە خۆیان دەناسێنن و هەوروەها دەستەو تاقمە ئیسلامی یە تیرۆریستەکەی مقتدا سەدر ومجلس الاعلئ وپاشماوەکانی بەعس کە باس لە عەرەبی بونی شاری کەرکوك دەکەن ,ئەمانە ئەمرۆ لە شاری کەرکوکدا ژیان وگوزەرانیان لەخەڵکی تێکداوەو رۆژانە ژەهراوی ناسیونالیستی وئیسلامی لەم شارەدا بڵاودەکەنەوە دەیانەوێ کوشتاری قەومی وتایەفی

بخوڵقێنن ,چارەنوسی سیاسی و دوارۆژی دانیشتوانی شاری کەرکوك وەك هەر شارێکی تری ناوچەکانی کوردستان وعێراق لەژێرسایەی دەسەلاتی ئەم تاقم ولایەنە کۆنەپەرستانەدا لە مەترسی یەکی گەورەدایە و بەمانەوەی دەسەلاتداریێتی ئەم تاقمانە سیاسەتی شۆڤینیستی و ناسیونالیستی زیندو دەبێتەوەو بەعسیزم ئەم جارەیان بە چەندین زمانی جۆراو جۆر کارەسات و کوشتار دەخوڵقێنێ , پەیامی ئەمانە کارەساتەکانی بۆردومانکردن و کوشتاری ناو گەڕەکەکانی سلێمانی وهەولێرە کە میلیشاکەی تاڵەبانی وبارزانی لە شەڕی نێو خۆیاندا هەزاران کەسیان لەخەڵکی کوردستان کردە قوربانی ,پەیامی میت و لەشکری فاشی تورکیایە کە دەیان هەزاران ئینسانی بە هۆی کوردبونەوە گوللە باران کردوە , پەیامی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێرانە کەژیانی ملیۆنەها ئینسانی لەو وولاتەدا کردوە بەدۆزەخ ,پەیامی دووبارە زیندوکردنەوەی بەعسە کە هەموو خەڵکی عێراق شاهدی تاوانەکانین , بەرگرتن بە دەسەلاتی ئەم هێزە کۆنەپەرستانەو سنور دانان بۆ رەفتارە بەعسی یەکانیان تەنها لە هاتنە مەیدان و بەهێز کردنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری وپێشکەوتنخوازە کە رێگا چارەیەکی ئینسانی و مۆدێرنی بۆ شاری کەرکوك وتەواوی عێراق وکوردستان هەیە ئەم بزوتنەوەیەش ئەمرۆ بەرۆشنی حزبی کۆمونیستی کرێکاری ی عێراق ئالاکەی وپەیامەکەی بەدەستەوەیە وپێشەوایەتی دەکات , ئەمرۆ ئەم حزبە بە رێگا چارەیەکی واقعی وئینسانی یەوە بۆ شاری کەرکوك و سەرتاسەری عێراق لەمەیدانی خەبات وتێکۆشاندایە ,هەوییەتی ئینسانی و غەیرە قەومی شاری کەرکوك و مافی نیشتەجێ بون بۆ هەمووان و گەڕانەوەی ئاوارەکان وقەرەبوکردنەوەیان و بەرگرتن بەهەر سیاسەتێکی تری هاوشێوەی بەعس وریگەنەدان بە دوبارەکردنەوەیان وەك دەرکردنی بەشێك لەدانیشتوانی شارەکە وە ئەمەش بەرۆشنی لە بەلگەنامەی شاری کەرکوك دا حزب رایگەیاندراوە , ئەمانە ئەو خاڵە سەرەکیانەن کە حزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق وەك رێگا چارەیەکی پێشکەوتنخواز لە شاری کەرکوکدا خەباتی بۆ دەکات , کرێکاران وئافرەتان و لاوان و خەڵکی ئازادیخوازی شاری کەرکوك وەك هەر خەڵکێکی تری ئەم دونیایە خوازیاری ژیانێکی خۆشبەخت و ئازادن کە دوور بێ لە نەعرەت وکینە و قەومی وتایەفەیی , هەربۆیە بەرگرتن بە دەسەڵات وهەرەشەکانی ناسیونالیست وئیسلامی یەکان و ناردنەوەیان بۆناو کولانە و مۆلگاکانیان و ریسواکردنی سیاسەتەکانیان کە بریتی یە لە تێکدانی ژیانی مەدەنی خەڵکی شارەکە , هاوکات لەبەرامبەردا بەرز راگرتن وپاراستنی هەوییەتی ئینسانی وغەیرە قەومی کەرکوك پێویستی یەکی حەیاتی یە بۆ خەڵکی ئەم شارە لە پێناو دوارۆژێکی بەختەوەر و ژیانێکی ئاسودەدا.

11.03.05